## شەڕی نەورۆزی خوێناویی شاری سنە

مانگێك و پێنج ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژیمی شایەتی لەئێران (ئیسفەندی 1357[1979])، شەڕێکی خوێناوی بەسەر خەڵکی شاری سنەدا سەپێنرا، کە سێ لایەنی جیاوازی هەبوو: مەلایەکی عەجەم بەناوی سەفدەری، لایەنگرانی خوالێخۆشبوو ئەحمەدی موفتی زادەو لایەنگرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە زوربەی دانێشتوانی شار بوون. شەڕەکە، کووژراو و بریندار و ماڵ وێرانی زۆری لێ کەوتەوەو سەرەتای تێك گیران و دژایەتییەکی لە نێوان گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دامەزراند، کە بەداخەوە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیەو گەلی کورد لەماوەی 31 ساڵی ڕابردوودا جگەلەخوێن و بڕین و ئیعدام و دواکەوتوویی ئابووری و بێ بەشی سیاسی و ئابووری هیچی تریان لەو رژیمە ملهوڕە بەرچاو نەکەوتووە.

کتێبی مەنسووری بلووری و محەمەدی حەسەنخاڵی هەنگاوێکە بەرەو توێژینەوە لە بنەماڵەکانی شەڕی سنە لەنەورۆزی 1358[1979] دا و ئەم کارەش بەپێی سەرچاوەو بەڵگەبەرێوەبراوە.

چۆنیەتی شەڕەکەلەزمان بینەرانی عەینی و ڕۆژنامەو ڕادیۆ و ڕاگەیاندنی دەوڵەت و لایەنەکوردییەکانەوە ڕیوایەت کراوە و دەوری چەپەڵی سەفدەری وەك نوێنەری ئایەتوڵڵا خومەینی لەهەڵگیرساندنی شەڕ و درێژەپێدانی، هەروەها بێ دەسەلاتی دەوڵەتی موهەندیس بازرگان لەکاری کونترۆلی مەلا شەڕانخێوەکانی بەباشی تێدا پێشان دراوە. بەهەمان شێوە، دوو بەرەکی و کێشەی نێوان لایەنە کوردییەکان بەتایبەت کۆمەڵە و موفتی زادەییەکانیش لەکتێبەکەدا دەکەونە بەر چاو. ڕاست بوونی بۆچوونەکانی نووسەرانی کتێبەکە کاتێ دەردەکەوێت، کەئێمەگوێ لەو وتارەڕابگرین وا خومەینی بۆ هەندێك لەبەرپرسانی حکوومی تارانێ دەدات و تێیدا باسی هەڵویستی خۆی بەرانبەر بەکورد و شەڕی کوردستان دەکات و دەڵێ ئەو خۆی بووە کەفەرمانی ئەو توندوتیژیی نواندنانەی بە بەرپرسان داوە و نەیویستووە وتووێژەکان ئەنجامیان هەبێت. وتارەکەی خومەینی لەسەر YouTube هەیە.

بەڵام بۆکان. ئەو باسانەی وا بۆکان بگرنەوە لەکتێبەکەدا بەم شێوەیەن:

1. مامۆستا مەلا ئەبووبکری شەفیعی لەوتو وێژی ئیمامانی جومعەی شارە کوردنشینەکاندا لەسەقز بەشدار بووە(57/12/27)- لاپەڕە ٨، پاشان چۆتە سنە، لاپەڕە ٢٨؛

2. پەیامی مامۆستا شێخ عیزەددین لەڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی سنە، بەدەنگی کاك سەلاحی موهتەدی بڵاو بۆتەوە-لاپەڕە ١٦؛

3. هەیئەتێک لە ڕێبەرانی ئایینی و کەسایرتی نەتەوەیی کورد لە مەهاباد و بۆکان و سەقز چوونەتە سنە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و هەیئەتی نوێنەرایەتی دەوڵەت کە ئەو ڕۆژە (واتە ١٣٥٨/١/١) دەهاتنە سنە، گوفتوگۆبکەن... لەوانە: 'حوجەتولئیسلام مەلا ئەبوبەکری شەفیعی' و.... ن". - لاپەڕە٢٨؛

4. دەیان هەزار کەس لەخەڵکی موکریان لەکۆبوونەوەیەکی گەورەی گۆڕستانی شاری بۆکان کە بۆ ناشتنی دوو شەهیدی شەڕی خوێناوی سنە (موهەندیس سولەیمانی تیکانتەپە و کاك عومەری

عەزیزنژاد) بەڕێوە چوو، بڕیارنامەیەکی ٧ بەندییان بڵاو کردەوە و کوشتاری سنەیان مەحکووم کرد- لاپەڕە ٣٠؛

5. کاك سەلاحوددینی موهتەدی لەوت و وێژەکانی هەیئەتی کورد لەگەڵ ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و تاقمی نێرراوی تاران لەسنە، بەشدار بوو. لاپەڕە ٣٢؛

6. جگەلەوانە، لەچەند لاپەڕەی دیکەشدا باس لەبۆکان یا کەسایەتییە بۆکانییەکان کراوە:
لاپەڕەکانی36، 62، 72، 76، و 78

بلووری، مەنسوور و حەسەنخاڵی، محەمەد، "*شەڕی خوێناوی سنە مارسی 1979*" ، چاپی یەکەم، 1383[2004]، ناشر ؟، 101 لاپەڕە، کوردی.